# كەركوك نیشتمانێك لەبەردەم ون بووندا!



**ئاسۆ**

شاری كەركوك كە شارێكی كوردستانییە زۆر دەمێكە چاوی تەماعی دووژمنانی لەسەرەو, رژێمی داڕووخاوی بەعس بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوەی ئەدا ناسنامەی كەركوك بگۆڕێت لە شارێكی كوردستانیەوە بۆ شارێكی عێراقی گۆڕینی باری دیموگرافیای كەركوك لەڕێگای سیاسەتی تەعریب پلانێكی درێژخایەنی رژێمەكەی صدام حسین بوو دەیان ساڵ خەڵكی ئەم شارە دەبووایە ببونایە بەعەرەب یان دەبوایە كەركوك بەجێ بهێڵن لەدوای پرۆسەی ئازادیش لەعێراق كێشەی كەركوك وەك خۆی مایەوە ئاوارەكانی ئەو شارە هەتا ئێستا لەژێر خەیمەدا دەژین و عەرەبە هاوردەكانیش لەجێگای خۆیانن و كەركوك بەهی خۆیان دەزانن سیاسەتی حیزبە كوردییەكانیش لە كەركوك ئەوەیە كە دەڵێن كەركوك شاری هەموومانە و ئێمەو عەرەب و توركمان براین لەبەرامبەر ئەمەدا عەرەبەكان لە هەوڵی پیلان گێراندا دژ بەكوردو لەهەر جێگایەك بۆیان كرابێت پەلاماری دانیشتووە كوردەكانیان داوە وە هەمووشمان دەزانین چۆن شەوانە كاتویشا و هاوەن دەگرنە ماڵە كوردەكان بۆئەوەی ترس و نیگەرانیو دڵەڕاوكێ بخەنە ناویانەوە, عەرەباكانیش كورد بەدوژمنی خواو ئیسلامو كافرو داگیركەرو هاوپەیمانی ئەمەریكا دەزانن پارتە كوردەكانیش بەتایبەتی یەكێتی و پارتی عەرەب بەدۆست و برا لەقەڵەم ئەدەنو لەنێو خۆشیاندا دژی یەكترین لەناو شاری كەركوكدا خەریكی منافەسەكردنی یەكترین لەلایەكیتریشەوە,لەزۆربەی بەیانو راگەیاندنی بەرەی توركمانیدا بانگەشەی ئەوە دەكرێت گەر كورد كەركوكی پێ بدرێت دونیا دەشێوێ بەرەی توركمانی ئامادەن لەژێر دەسەلاتی چەوسێنەری عەرەبدابن بەلام نەك لەگەڵ كورددا برایانە بژین ئەم بەرەیە لەگەڵ عەرەبە هاوردەكاندا ڕێككەوتون بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدان كە ناسنامەی كەركوك بگۆڕن و تەواوكەری سیاسەتی تەعریب بن.

بەلام كورد لەڕابردوودا چەندین ساڵ داڵدەی ئەم گروپەی داو لە پایتەختی كوردستان بارەگایان هەبووە لەباتی پشتیوانی لەداواكانی كورد كە بە قازانجی ئەوانە دژایەتیمان ئەكەنو پارتیو یەكێتیش داوای برایەتی لەگەڵ ئەمانەدا دەكەن وە كەركوك بەشاری ئەوانیش دادەنێن ئەمریكیەكانیش كە دەسەلاتی بالان لە عێراق تا ئێستا سیاسەتێكی ڕوونو ئاشكرایان نییە بەرامبەر بەدۆزی كورد ئەوەی كە ئەمریكییەكان لە كەركوك كردوویانە نەك لە قازانجی كورد نەبووە بەڵكو دژی مافەمانی كورد بووەو لە كاتی پرۆسەی ئازادی كەركوك كەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی كوردستان و عەرەبە هاوردەكانیش گەرانەوە جێگاكانی پێشووی خۆیان بەلام ئەمریكییەكان پێشمەرگەیان لە كەركوك دەركردو عەرەبە هاوردەكانیشیان گەڕأندەوە شوێنی خۆیان. عەرەبو توركمانو

تەنانەت وولاّتانی چواردەوریش کورد بەکافر و ئەمەریکای دەناسێنن کەچی ئەمەریکاش هێندەی خەریکی رازی کردنی دڵی ئەوان و پشتیوانی کردنی ئەوانە دە هێندەش لەدژی مافەکانی کورد بووە لە کەرکوك.

پارتیو یەکێتی ستایشی ئەمەریکا دەکەن و ئەمریکا بە رزگارکەرو هاوپەیمانی کورد دادەنێن راستە ئەمەریکا رژێمی صەدام حسین ی لەناوبرد کە دووژمنی گەورەی کورد بوو بەلاّم ئەمەریکا لەپێناوی کوردا رژێمی نەرووخاندووە بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆی هاتۆتە عێراقەوە کورد بۆئەوەی ئەمجارەش نەبێتەوە قوربانی پێویستە دەسەلاّتداریێتی کورد چاوێك بەو هاوپەیمانیەتیەدا بخشێنێتەوە کە لەگەڵ ئەمریکادا هەیەتی لەبەرامبەر عەرەب و تورکیشدا بێدەنگی و نەرمی لەوەزیاتر نەنوێنێ هەر کەسێك زللیەکی لێداین ئەو لاکەشی بۆنەکەینەوە بەڵکو لەباتی زللیەك دوو زللەی لێبدەینەوە.